# مستەفا بارزانی لە چەند بەڵگەنامەیەکی نهێنی حکومەتی عێراقدا (1948-1970)

07/17/2022 دیدار عثمان

**گۆڤاری مێژووناسی**

گۆڤارێکی مێژوویی وەرزییە

---

ژمارە (1) بەهاری 2022، ساڵی یەکەم

د. بورهان جاتەم گۆمەتاڵی
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر/ کۆلێژی ئاداب- بەشی مێژوو

پێشەکی
مەلا مستەفا بارزانی وەك ڕێبەر و سەرکردەیەکی بەناوبانگی کورد، پێگە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا هەیە. بەتایبەتیش لەماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا، کە ڕێبەرایەتی شۆڕشەکەی کردووە، ڕۆڵ و شوێنی زێتر هەستی پێدەکرێت. لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەندین کارنامەی زانستی و توێژینەوە و کتێب دەربارەی ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەربازی بارزانی نووسراون و تیشکیان خستووەتە سەر لایەنە جیاوازەکانی ژیان و ڕۆڵی سیاسی ئەو، بەڵام تا ئێستا کەمتر کار لەسەر ئەوە کراوە، کە لەڕێگەی خوێندنەوە و شیکردنەوەی بەڵگەنامە نهێنی و فەرمییەکانی حکومەتی عێراق تیشك بخرێتە سەر خەباتی سیاسی و سەربازی بارزانی. ئەمە لەکاتێکدا دەزگا ئەمنی وسەربازی و کارگێرییەکانی حکومەت لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەیەوە بەشێوەیەکی چڕ پرژاونەتە سەر ڕۆڵ و هەڵوێستی سیاسی لەکاتی ئاشتی و شەڕدا.

ئەم توێژینەوەیە (مستەفا بارزانی لە چەند بەڵگەنامەیەکی نهێنی حکومەتی عێراقدا 1948-1970)، بایەخی زێتر لەوەدایە بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە نهێنی و فەرمییەکانی حکومەت، کە تا ئێستا بڵاونەکراونەتەوە، نووسراوە. بەڵگەنامەکان لە چەندین نووسرا و بروسکەی دەزگا ئەمنی وسەربازی و کارگێرییەکانی حکومەت پێکهاتوون و باسیان لە چەند لایەنێکی ژیانی سیاسی وسەربازی و پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بارزانی کردووە. دیارە زانیاری نێو بەشێك لەو بەڵگەنامە دروست نین و هەڵەی زەقی تێدایە، یا هەندێك لەو زانیارییانە بە ئەنقەست شێوێندراون، بۆیە جگە لە خستنەڕووی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان لە توێژینەوەکەدا بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان کارکراوە بۆ ڕاستکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاریەکانی نێویان.

توێژینەوەکە لە سێ تەوەر و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پاشکۆی بەڵگەنامەکان پێکهاتووە. لە خاڵی یەکەمی تەوەرەی یەکەمدا لەژێر ڕۆشنایی (9) بەڵگەنامەدا باس لە چاودێری جموجوڵ و چالاکی مستەفا بارزانی لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە کراوە، کە مێژووی بەڵگەنامەکان لەنێوان ساڵانی (1948-1967) دایە، واتە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماری گرتووەتەوە. لە خاڵی

دووەمیشدا پەیوەندی بارزانی و کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج) لەژێر ڕۆشنایی چەند بەڵگەنامەیەکی حکومەتدا خراوەتەڕوو، کە بەگوێرەی بەڵگەنامەکان ئەم پەیوەندییە کاریگەری لەسەر خراپبوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و بارزانی هەبووە. لەمیانەی تەوەری دووەمدا تیشك خراوەتە سەر سەرپەرشتی و سەرکردایەتیکردنی بارزانی بۆ شەڕەکان، بەتایبەتی شەڕەکانی ساڵی 1962 و شەڕی (هەندرێن)ی ساڵی 1966. هەرلەم تەوەرەدا لەژێر ڕۆشنایی چەند بەڵگەنامەیەکی حکومەتدا کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی نێوان 15-20ی تشرینی دووەمی 1966 بە ئامادەبوونی بارزانی خراوەتەڕوو، کە تێیدا باس لە بەشداربووانی کۆنگرەکە و ئامانج و ئەنجامەکانی کراوە.

هەرچی تەوەری سێیەم و کۆتایی توێژینەوەکەیە، تایبەتکراوە بە هەڵوێستی مستەفا بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. لە سەرەتادا تیشك خراوەتە سەر پابەندبوونی بارزانی بە ئاگربەستی 10ی شوباتی 1964. دواتریش لە بەشێکی دیکەی توێژینەوەکەدا تیشك خراوەتە سەر نیگەرانییەکانی بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە پابەندنەبوونی حکومەت بە بەیاننامەی 29ی حوزەیرانی 1966. لە کۆتایی ئەم تەوەرەشدا لەمیانەی چەند بەڵگەنامەیەکی فەرمی حکومەتدا باس لە پابەندبوونی مستەفا بارزانی بە ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 دا کراوە. ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە لەگەڵ یەکەمین ساتی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە بارزانی پابەند بووە پێی، سەرباری ئەوەی بەڵێنی هاوکاری دارایی و سەربازی لەلایەن ئێرانەوە پێدراوە بۆ کۆتایی هێنان بە ڕێککەوتنەکە، بەڵام ئەمانەی ڕەتکردووەتەوە و بەردەوام بووە لەسەر ڕێککەوتنەکە.

ئەم توێژینەوەیە وێڕای ئەوەی هەوڵ و کۆششی زۆری بۆ بەختکراوە و هەوڵدراوە بەشێوەیەکی بابەتییانە بەبێ لاگیری ئەنجام بدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك هەر کار و بەرهەمێکی دیکەی مرۆڤ لە کەموکورتی بەدوور نییە، بۆیە پێوستە هەر لەم چوارچێوەیەشدا سەیری بکرێت. سەرکەوتنیش هەر لە خواوەیە.

تەوەری یەکەم/ چاودێریکردنی حکومەت بۆ جموجوڵ و پەیوەندییەکانی مستەفا بارزانی:

لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقدا چاودێریکردنی جموجوڵ و چالاکییەکانی بارزانی بایەخێکی زۆریان پێدراوە. لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق جێگەی بایەخی دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی حکومەت بووە. بۆیە لەم سۆنگەیەوە لەمیانەی دوو خاڵدا باس لە چاودێریکردنی چالاکییەکانی بارزانی لەماوەی نێوان ساڵانی 1948-1967 لەلایەن حکومەت و دواتریش پەیوەندییەکانی بارزانی و کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج) دەکەین.

1-چاودێری و بەدواداچوونی حکومەت بۆ جموجوڵەکانی بارزانی

بەدرێژایی مێژووی سەردەمی پاشایەتی و کۆماری لە عێراقدا دەزگا ئەمنی و سەربازی و کارگێڕییەکانی حکومەت چاودێرییەکی توندی جووڵە و چالاکی مەلا مستەفا بارزانییان کردووە، بەتایبەتی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی هاتوچۆی ڕۆژانە و شوێنی مانەوە و بارەگای تایبەتی و کۆبوونەوە لەگەڵ کەسایەتییەکان،

کە هەندێك لەوانەش زانیاری ناڕاست و هەڵە بووە. تەنانەت ئەم چاودێرییە لەو کاتانەشدا بەردەوامی هەبووە، کە پەیوەندی بارزانی لەگەڵ حکومەتدا باش بووە و سەردەمی ئاشتی بووە. بێگومان مەبەست لەو چاودێری و بەدواداچوونە، جگە لە ئەرکێکی هەواڵگری دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان، کە ئەنجامیانداوە، ئامانجیش لێی دۆزینەوەی شوێنەکەی و هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی بووە، بۆیە لە چەندین بەڵگەنامەی نهێنی حکومەتدا ئاماژە بەو مەسەلەیە کراوە، کە لە خوارەوەدا ناوەڕۆکی بەشێك لەو بەڵگەنامانە دەخەینەڕوو.

لە نووسراوێکی نهێنی قایمقامییەتی قەزای ڕەواندز لە 18ی نیسانی 1948 دا، کە بۆ موتەسەڕیفی لیوای هەولێر ناردراوە هاتووە: "ئەو کەسانەی، کە متمانەمان پێ هەن جەختیان لەوە کردەوە، کە مەلا مستەفا بارزانی لە (ئاراس)ە و (300) چەکداری شوێنکەوتووەکانی خۆی لەگەڵدایە، دەیەوێت ببێتە پێشەنگی هێزەکانی ڕوسیا بۆ تێپەڕبوون لە سنووری ئێران، دوای چوونی بۆ ئازەربێجانی ئێرانی هەوڵ دەدات بێتە نێو سنووری عێراقەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو ڕێگایەی هەڵنەبژاردووە، کە دەیگرێتە بەر. یان دەبێ بچێتە ناوچەی ئەرگوش لە زێبار، یا بێداوە لە ئامێدی، یان کانی ڕەش لە قەزاکەمان، لەمەشدا هەردوو عەشیرەتی مەرگەوەڕ و گەڵاڵی هاوکاری دەکەن. ئەگەر نەتوانێت بچێتە ئازەربێجان، ئەوا هەوڵ دەدات لەڕێگەی پڕینی سنووری تورکیاوە بێتە ناو عێراق.[i]

دوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمموزی 1958 لەو کاتانەی، کە پەیوەندییەکانی نێوان مەلا مستەفا بارزانی و حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لە باشیدا بووە، دەزگاکانی ئەمن و پۆلیس بە بەردەوامی بەدواداچوون و چاودێرییان بۆ جووڵەکانی بارزانی کردووە. وەك لە نووسراوێکی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی لیوای هەولێر لە 18ی شوباتی 1961 دا دەردەکەوێت، کە بە وردی چاودێری هاتوچۆ و سەردانەکانی بارزانییان کردووە. لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: "لە شەوی 1961 /2/16-15 مەلا مستەفا بارزانی گەیشتە هەولێر. لە کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆ هەولێری جێهێشت و بە ئۆتۆمبێلی ژمارە (100) بەرەو شارۆچکەی شەقڵاوە بەڕێکەوت و لە کاتژمێر 12:10ی خوولەکی ڕۆژی 1962 /2/16 گەیشتە شارۆچکەکە. پاشان چووە هەریر و سەردانی (مەتڕان یوسف)ی کرد. دواتر چووە باتاس بۆ بینینی (شێخ زەیتۆ سەید تەها)، دوای ئەوەی شەوێك لە ڕێزان مایەوە، لە کاتژمێر 2:30ی خوولەکی دوای نیوەڕۆ بەرەو بارزان بەڕێکەوت و لە ئێوارەی ڕۆژی 1961 /2/18-17 گەیشتە ئەوێ"[ii] هەروەها لە نووسراوێکی نهێنی ئەمنی هەولێر لە 16ی شوباتی 1961 دا ئاماژە بەوە کراوە، کە بارزانی شەوی 1961 /2/16-15 گەیشتووەتە هەولێر و شەو لە ماڵی (عەلی عەبدوڵڵا) ماوەتەوە. دوای چاوپێکەوتنی موتەسەڕیفی هەولێر سەرلەبەیانی ڕۆژی 16ی شوبات ڕوویکردووەتە بارزان تا مانگی ڕەمەزان لەوێ بەسەرببات.[iii]

لەماوەی ساڵی 1962 دا دەزگاکانی ئەمن و پۆلیس و سەربازی و کارگێڕی عێراق بەوردی بەدواداچوونیان بۆ هەواڵی جووڵەی مستەفا بارزانی کردووە و لەشێوەی نووسراو و بروسکەی بەپەلەدا دەزگاکانی سەرووی خۆیان لێی ئاگادار کردووەتەوە. بۆیە لە چەندین بەڵگەنامەی نهێنیدا ئاماژە بەو بابەتە کراوە. بۆ نموونە لە بروسکەیەکی یاریدەدەری ئەمنی هەولێر لە 29ی ئایاری 1962 دا بۆ موتەسەڕیفی لیوای هەولێر ئاماژە بەوە کراوە، کە مەلا مستەفا لە ڕۆژی 28ی

ئایاردا لە ناوچەکانی (برادۆست، سەری بەردی، شوی شێخان، سەری حەسەن بەگ) سووڕاوەتەوە. بەشێك لە پێشمەرگەکانیشی لە گوندی (سۆران چوری) و چیای (کانجی) لە ناوچەی بارزانن، کە ژمارەیان نزیکەی 300-400 پێشمەرگە دەبێت. هەروەها لە بەڵگەنامەکەدا باس لەوە کراوە، کە جووڵە و هاتوچۆی مستەفا بارزانی بە ئاگاداری و هاوکاری شێخ ئەحمەد بارزانی برای بووە.[iv]
لە بروسکەیەکی دیکەی نهێنی (عەبدولقادر نەجدی)ی جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوای هەولێر بۆ موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر لە 31ی ئایاری 1962 دا هاتووە: "لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە، کە مەلا مستەفا لەگەڵ (عوبەیدوڵڵا)ی کوڕی لە شەوی 28/27ی ئایاری 1962 لە گوندی (کۆنە گوند) ماونەتەوە. لە ڕۆژی 28ی ئایاردا لەڕێگەی ڕووباری (موسکاوە) بەرەو (شیوە شێخان) و گوندی (شێخان) ڕۆیشتووە.. لە عەسری هەمان ڕۆژدا مەلا مستەفا و شوێنکەوتووانی ناوچەکەیان بەجێهشتووە و ڕوویانکردووەتە ناوچەی باڵەك".
هەروەها لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە مستەفا بارزانی لە 31ی ئایاردا لەگەڵ نزیکەی (700) پێشمەرگە لە ناوچەی (ڕوست)ەوە هاتوون و بە ناوچەی (برسرین)دا تێپەڕیون و گەیشتوونەتە گوندی (دەرگەڵە) و (وەرتێ). ڕێگای گشتیان لە پردی (حافز)ەوە تا گوندی برسرین کۆنترۆڵکردووە.[v]
هەر لە چوارچێوەی بەدواداچوونەکانی حکومەت بۆ جموجۆڵ و هاتوچۆی مستەفا بارزانی، (هاشم جەواد)ی وەزیری دەرەوەی عێراق لە نووسراوێکی نهێنی لە 21ی تەمموزی 1962 دا ڕایگەیاندووە باڵیۆزی عێراق لە ئێران لە ڕۆژی 18ی حوزەیرانی 1962 دا چاوی بە بریکاری وەزیری دەرەوەی ئێران کەوتووە و پێی ڕاگەیاندووە، کە مەلا مستەفا بارزانی و چەکدارەکانی چوونەتە نێوخاکی ئێرانەوە، بۆیە داوای لێکردووە و دەستگیریان بکەن و ڕادەستی حکومەتی عێراقیان بکەنەوە. بەمەش حکومەتی ئێران نیازباشی خۆی بۆ عێراق دەسەلمێنێت. بریکاری وەزیری دەرەوەی ئێرانیش دڵخۆشی خۆی بەم هەواڵە دەربڕیوە و بەڵێنیداوە پەیوەندی بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئێرانەوە دەکات و لە ئەنجامی پشکنین و بەدواداگەڕانەکانیان ئاگاداریان دەکاتەوە. پاشان بریکاری وەزیری ناوبراو بە باڵیۆزی عێراقی ڕاگەیاندووە، کە لایەنە ئێرانییە پەیوەندیدارەکان ڕەتیانکردووەتەوە مستەفا بارزانی بە سنووری ئێراندا تێپەڕبووبێت. هەروەها ڕایگەیاندووە بەدرێژایی ناوچە سنوورییەکان ڕێکاری توند دەگرنە بەر و لە هەر پێشهاتێکی نوێشدا باڵیۆزی عێراق ئاگادار دەکەنەوە.[vi]
لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی قایمقامییەتی ڕەواندز لە 17ی تشرینی دووەمی 1962 دا بۆ موتەسەڕیفی هەولێر هاتووە: "دەنگۆیەك هەیە، کە گوایە بارزانی بریندار بووە، یا نەخۆشکەوتووە، لە ئێستاشدا لە یەکێك لە ئەشکەوتەکانی (گەلی ڕێزان)ە و ناوچەکە لەلایەن شوێنکەوتووە بارزانییەکانی پارێزراوە".[vii]
بەگوێرەی نووسراوەکە دیارە ئەم زانیارییە تەنیا دەنگۆ بووە و جێگەی متمانە نییە.
هەر لەم چوارچێوەیەدا لە نووسراوێکی موتەسەڕیفییەتی هەولێر لە 20ی شوباتی 1966 دا بۆ وەزارەتی ناوخۆ هاتووە: "بارزانی تا ئێستا نەگەیشتووەتە گەڵاڵە و لە ناوچەی (پێنجوێن)ەوە بەرەو ئەوێ بەڕێکەوتووە و لەوێوە فەرمانەکانی لەڕێگەی بروسکە، یا پەیامبەر بۆ شوێنکەوتووانی دەنێرێت. ئەگەر بشگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی، نایەتە ناو گەڵاڵە، بەڵکو لە گوندی (بۆلی)، کە دوورە لە گەڵاڵە

لەوێ نیشتەجێ دەبێت، لەو گوندە نەخۆشخانەیەك هەیە، کە لەلایەن پزیشکێك بەناوی (حیکمەت) بەڕێوەدەبرێت"[viii].
لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەمنی هەولێر لە 7ی حوزەیرانی 1967 دا باس لەوە کراوە، کە لە 5ی حوزەیرانی 1967 لەڕێگای خانە-حاجی ئۆمەرانەوە سێ کەسی بێگانە، کە یەکێکیان ئافرەتە و سەرجەمیان فەڕەنسین هاتوونەتە ناوچەی گەلالە و لە ناوچەکانی گەلالە و حاجی ئۆمەران سووڕاونەتەوە، دوای دوو ڕۆژ مانەوەیان لە ناوچەکە گەڕاونەتەوە بۆ دەرەوەی سنووری عێراق، چونکە وەك دەگوترێت مەلا مستەفا بارزانی ڕازی نەبووە بە مانەوەیان لە ناوچەکەدا. هەروەها بەڵگەنامەکە ئاماژە بە دەنگۆیەك دەکات، گوایە هێزەکانی پێشمەرگە جۆرە بەردێکیان لە ناوچەی (قەسرۆك و ماکۆسان) دۆزیوەتەوە، کە دەگوترێت ئەڵماسە، بیانییەکانیش هەر بۆئەو مەبەستە هاتوون. هەر  لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە مەلا مستەفا بارزانی بارەگای هاوینەی لە قەسرۆکەوە بۆ حاجی ئۆمەران گواستووەتەوە[ix].
2- پەیوەندی بارزانی و کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج)
دوای ئەوەی بەشێك لە ڕێکخستنەکانی بەغدای حزبی شیوعی بەسەرکردایەتی (عەزیز ئەلحاج) ناڕەزاییان لە سیاسەتی نزیکبوونەوەی حزب لە ڕژێمی (عەبدولسەلام عارف) دەربڕی. ئەوەبوو دواتر لە لە 17ی ئەیلوولی 1967 جیابوونەوەی خۆیان لە حزبی شیوعی بەناوی (حزبی شیوعی عێراق-سەرکردایەتی ناوەندی) ڕاگەیاند[x]. پاش ئەوەی کۆمەڵەکە خەباتی چەکداری لەدژی حکومەت پەسند کرد، عەزیز ئەلحاج بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەکە لە ئاداری 1968 دا سەردانی کوردستانی کرد و دوای گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی ڕێگەیان پێدرا، کە هێزی چەکدار لە ناوچەکانی شۆڕش پێکبهێنن[xi]. لەم چوارچێوەیەدا بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەت پەردەیان لەسەر چەند لایەنێکی ئەو پەیوەندییانەی نێوان کۆمەڵەکەی عەزیز ئەلحاج و بارزانی هەڵماڵیوە. بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنی موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر لە 26ی حوزەیرانی 1968 لە ڕۆژی 23ی حوزەیرانی 1968 دا شاندێکی شیوعییەکانی سەر بە کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج) لەڕێگەی ئێرانەوە هاتووەتە گەلالە بۆ بینینی بارزانی، بۆ ئەوەی قایلی بکەن، تا بەیەکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی، کە ناویان ناوە بە (سەرەتاکانی شۆڕشی میللی لە باشوور)[xii].
لە نووسراوێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە 7ی تەمموزی 1968 دا ئاماژە بەناوی ئەو کەسانە کراوە، کە بەشدارییان لە کۆبوونەوەکەدا کردووە، کە بریتی بوون لە هەریەك لە (دکتۆر ئەحمەد و شەوکەت عەقراوی) و چەند کەسێکی دیکەی نەناسراو لە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە حزبی شیوعی (تاخمی عەزیز ئەلحاج)یش هەریەك لە (سەعید مەتەڕ، هاشم عەبدولجەبار، عەزیز ئەلحاج) ئامادەبوون. هەروەها هەریەك لە (یوسف حەننا و سەلام ناسری) لە حزبی شیوعی (کۆمەڵەی بەهائەدین نووری) بەشدارییان کردووە، جگە لەمانە چەند ڕۆژنامەنووسێکی بیانیش لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوون[xiii].
بەگوێرەی نووسراوێکی دیکەی موتەسەڕیفی هەولێر لە 9ی تەمموزی 1968 دا کۆمەڵەی عەزیز ئەلحاج زانیارییان لەبارەی جموجۆڵەکانی سوپای عێراق داوەتە بارزانی. وەك لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: "هۆکاری ئەو بارگرژییەی، کە بەم دواییە لە گەلالە تێبینی کراوە، ئەوەیە هەندێك زانیاری گەیشتووەتە بارەگای مەلا

مستەفا بارزانی، بەو پێیە حکومەت نیازی وایە لە ئاسمانەوە بۆردومانی ناوچە ستراتیژییەکانی کوردە چەکدارەکان لە بیستانە و سەفین و گەڵاڵەدا بکات.
ئەمەش وایکردووە بەرپرسە کوردەکان ناوچەی بیستانە چۆڵ بکەن، وەك لە بروسکەکەمان 883 لە 7/2/ 1968 دا هاتووە، خێزانەکانیان بەسەر گوندەکانی کانی بزرە و کانی کەند دابەشکردووە. هێزەکانیشیان لە بیستانەوە بۆ گوندی سەرمەزرا کشاندووەتەوە، کە چوار کیلۆمەتر لە بیستانەوە دوورە. هەروەها ناوچەکەیان بە دوو تۆپی دژە فڕۆکە و دوو تۆپی تری عەیار 127 ملم بەهێز کردووە. حزبی شیوعی (تاخمی عەزیز ئەلحاج) لەپشت ئەو کارەن، زانیاری هەڵە و بە ئەنقەست بۆ گەڵاڵە دەگوازنەوە، ئەمەش بە ئامانجی نانەوەی ناکۆکی لەنێوان براکاندا"[xiv].
ئەوەی لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، گوایە دەستپێکردنەوەی بارگژی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی عەزیز ئەلحاج بۆ ئەو مەبەستە، ئەمە لەوانەیە یەکێك بێت لە هۆکارەکان، بەڵام هۆکاری سەرەکی نائومێدبوونی سەرکردایەتی شۆڕش و بارزانی بوو لە حکومەت، کە دوو ساڵ بەسەر ڕێککەوتنی 29ی حوزەیرانی 1966 دا تێپەڕبووبوو بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لەسەر ئەرزی واقیعدا جێبەجێ بکرێت.

تەوەری دووەم/ بارزانی و سەرپەرشتیکردنی شەڕەکان و کۆنگرەی گەڵاڵە
وەك لە سەرچاوە مێژووییەکان دەردەکەوێت، کە مستەفا بارزانی خۆی سەرپەرشتی بەشێك لە شەڕەکانی ماوەی شۆڕشی ئەیلوولی کردووە. ئەمەش بەڕوونی لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا ئاماژەیان پێکراوە و بە بایەخەوە باسیان لێوەکردووە. بابەتێکی دیکەش، کە جێگەی بایەخی بەڵگەنامەکان بووە، بارزانی و کۆنگرەی حەفتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە لە ساڵی 1966 لە گەڵاڵە بەستراوە. بۆیە لەم تەوەرەدا بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکان هەردوو بابەت دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

1- سەرپەرشتیکردنی شەڕەکان لەلایەن بارزانییەوە
لە چەندین بروسکە و نووسراوی نهێنی حکومەتی عێراقدا ئاماژە بەسەرپەرشتیکردنی بەشێك لە شەڕەکانی ماوەی شۆڕشی ئەیلول لەلایەن مستەفا بارزانییەوە کراوە، کە لە خوارەوەدا باس لە ناوەڕۆکی بەشێك لەو بەڵگەنامانە دەکەین. لە بروسکەیەکی موتەسەڕیفی لیوای هەولێر لە 4ی کانوونی یەکەمی 1962 بۆ وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بەوە کراوە، کە هێزەکانی پێشمەرگە سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە ناوچەکانی کۆیە و ڕانیە و بالیسانەوە ڕوویانکردووەتە چیای سەفین و ناوچەی خۆشناو، ئەمەش بۆ پتەوکردنی ئەو هێزەی، کە لەوێیە، مەبەستیشیان ئەنجامدانی چالاکییەکی سەربازییە لەنێوان شەقڵاوە و مەسیف سەڵاحەدین. ئەندامانی پارتی لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدان تا ئێستا شوێنی کۆبوونەوەکە و بڕیارەکانیان نەزانراوە. هەروەها لە نووسراوەکە ئەوە هاتووە، دەنگۆیەکی بەهێز هەیە، کە بارزانی لە ناوچەی خۆشناوە و هەر لە هەمان ڕۆژدا لە [xv]. سەرکردایەتی ئەو هێزە دەکات، کە لەوێیە بروسکەیەکی یاریدەدەری ئەمنی هەولێر بۆ موتەسەڕیفی هەولێر هاتووە، کە بەگوێرەی سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو مستەفا بارزانی لەگەڵ (700) چەکدار لەڕێگەی (بێتواتە)ەوە گەیشتوونەتە هەردوو گوندی (هیران و نازەنین)ی سەر بە

.[xvi]ناحیەی خۆشناو و لەو ناوچەیە هێزەکانی خۆیانی کۆکردووەتەوە
لەوبارەیەوە (مەسعود بارزانی) ئاماژە بەوە دەکات، کە لە زستانی ساڵی 1962 بەهۆی بارودۆخی کەش و هەواوە ماوەیەك بەرەکانی جەنگ ئارام بوونەوە، بۆیە دەرفەت ڕەخسا بۆ ئەوەی چاو بە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بخشێندرێتەوە و بەرپرسارێتی ڕێکخراوەیی و حزبی و سەرکردایەتی لقەکان پتەوبکرێن، لەم میانەیەشدا مستەفا بارزانی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، وەك دەنووسێت: "بارزانی هەمیشە لە جووڵەدا بووە و هەرگیز پاڵی ڕەحەتی لێ نەدەدایەوە، بەردەوام لەسەرلێدانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا بوو و بەسەری دەکردنەوە. لەناو ئەو ناوچانەدا بەتایبەتی ناوی ناوچەگەلی خۆشناوەتی و پشدەر و ئاکۆ دەهێنم. لە ناوچەی ئاکۆ ماوەیەك مێوانی عەباسی مامەند ئاغا و لە مێوانی ئەنوەر بەگی بێتواتەدا بوو".[xvii]
لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی ناوچەی کەرکوك لە 20ی کانوونی یەکەمی 1962 دا هاتووە، کە هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە دەوروبەری شەقڵاوە کۆبوونەتەوە بەمەبەستی پەلاماردانی شارۆچکەکە. ئەمەش دوای ئەوەی سوپا هێزێکی سەربازی لە (چنێران و سەرمەیدان) جێگیرکرد. لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، کە بارزانی خۆی سەرپەرشتی ئەو شەڕە دەکات و نزیکەی هەزار پێشمەرگەی ئامادەکردووە و بەسەر ناوچەیەکدا لەنێوان (ئەسپینداره و کونەفلوسە و خۆشناو و چیای سەفین) دابەشی کردوون. سوودیان لە پاشماوەی چەند خانووێکی (هیران و ئەسپیندارە و نازەنین و کونە فلوسە و قەڵاسنج و زیارەت) و ئەشکەوتەکانی سەفین وەرگرتووە.[xviii]
هەر لەم چوارچێوەیەدا لە نووسراوێکی ناوەندی هەواڵگری هەولێر لە 17ی ئایاری 1966 بۆ ڕێکخستنی هەواڵگری ناوچەی باکوور لەبارەی شەڕەکانی نێوان هێزەکانی حکومەت و هێزەکانی پێشمەرگەدا هاتووە: "زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، مەلا مستەفا لە ناوچەی ڕەواندزە و خۆی سەرپەرشتی بەرەکانی جەنگ دژی هێزەکانی حکومەت دەکات".[xix] ئەو شەڕەی کە لە بەڵگەنامەکە باسی لێوەکراوە، شەڕی (هەندرێن) یا وەك حکومەت ناوی نابوو (توکلت علی الله) بوو، کە لە شەوی 3/2ی ئایاری 1966 بە هێرشێکی سوپا و جاشی حکومەت بە هاوکاری چەندین فڕۆکەی جەنگی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر چیای (هەندرێن و زۆزك) لە ناوچەی ڕەواندز دەستیپێکرد. لە سەرەتای شەڕەکەدا دوای تۆپبارانی سەخت و بۆردومانی فڕۆکەکان و بە بەشداری دوو لیوای سەربازی توانیان چەند شوێنێك لە چیای زۆزك و گەرووی عومەر ئاغا داگیر بکەن و ژمارەیەك سەرکردەی پێشمەرگەش کوژران، بۆیە دوای بروسکەیەکی (ئیدریس بارزانی) بۆ مستەفا بارزانی و ئاگادارکردنەوەی لە مەترسی دۆخەکە، بارزانی خۆی ڕۆیشت بۆ بەرەی شەڕەکە و سەرپەرشتیکرد. لە ڕۆژی 11ی ئایاردا بارزانی لەگەڵ سەرکردەکانی بەرەی شەڕەکە کۆبووەوە و پلانی هێرشکردن بۆ سەر سوپای حکومەت دانرا. لە ڕۆژی 12ی ئایاردا بە هاوبەشی پێشمەرگەکانی پارتی و حزبی شیوعی لە شەڕی هەندرێن سوپای حکومەت تێکشکا.[xx]
2- بارزانی و کۆنگرەی گەلاڵە
دوای ڕێککەوتنی 29ی حوزەیرانی 1966ی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول تاڕادەیەك سەقامگیری و بارودۆخێکی نوێ لە کوردستان هاتەکایەوە، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەشداری (245) ئەندام

کۆنگرەی حەوتەمی خۆی لەماوەی نێوان 15-20ی تشرینی دووەمی 1966 بە ئامادەبوونی بارزانی لە گەڵاڵە بەستا[xxi]. لە کۆنگرەکەدا بەکۆی دەنگی ئەندامان مستەفا بارزانی وەك سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە و (حەبیب محەمەد کەریم)یش وەك سکرتێری حزب و هەریەك لە: (مەحمود عوسمان، سالح یوسفی، نووری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا، سامی عەبدولڕەحمان، عەزیز عەقراوی) وەك ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران[xxii]. لە کۆنگرەکەدا پێداچوونەوە بە ڕەوتی پارتی لەڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە کرا. ڕەخنەی توند ئاراستەی حکومەت کرا بەهۆی خەمساردی لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی 29ی حوزەیرانی 1966، بۆیە داوایان لە مستەفا بارزانی کرد لەبارەی ئەمەوە یاداشتێك ئاراستەی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بکات، ئەوەبوو دواتر بارزانی لە 28ی تشرینی دووەمی 1966 دا یاداشتنامەکەی پێشکەشکرد، کە لە یاداشتنامەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو، تا ئێستا هیچ بەندێك لە بەندەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکراوە، تەنانەت: "هەندێك دەستی تێکدەر لە فەرمانگە باڵاکانی حکومەت، کە نزیکن لە دەسەڵات دژی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە و وەدیهێنانی بەڵێنەکانی حکومەتن، هەوڵیان بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە وڵات بکەوێتە نێو شەڕێکی ناوخۆییەوە"[xxiii]. بەهۆی گرنگی کۆنگرەکەوە لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتدا بایەخێکی زۆر بە بەستانی کۆنگرەکە و بەشداربووان و بڕیارەکانی و ڕۆڵی بارزانی دراوە، کە لە خوارەوەدا بەشێك لەو بەڵگەنامانە دەخەینەڕوو.

لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە 21ی تشرینی دووەمی 1966 دا هاتووە: "بەر لە چوار ڕۆژ لە ناوچەی گەڵاڵە کۆبوونەوەیەك لەشێوەی کۆنگرەیەك لەنێوان مەلا مستەفا بارزانی و کۆمەڵەی کوردە چەکدارەکان بەسترا بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی بەیاننامەکەی حکومەت، کە تا چەندە جێبەجێ دەکرێت. ئەوان گەشبین بوون، هەندێك لە کوردە ئێرانی و سورییەکان تێیدا بەشداربوون. شاندی کوردی سوری بە سەرۆکایەتی کەسێك بەناوی (حەسەن) بوو، هەندێك ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسیش تێیدا بەشداربوون. هەروەها زانیومانە شیوعییە بەکرێگیراوەکانی دەوروبەری مەلا مستەفا بارزانی هەوڵ دەدەن کۆسپ و تەگەرە بخەنە بەردەم ڕێککەوتنەکە و تێکی بدەن. هەندێك لە عەشیرەتەکان لە کۆنگرەکەدا ئامادەبوون، لەوانە: (مامش و مەنگوری ئێرانی و بلباسی عێراقی)، کە لەسەر سنووری عێراق- ئێرانن لە بەرامبەر ڕانیە"[xxiv]. دەکرێت چەند سەرنجێك لەبارەی بەڵگەنامەکە بخەینەڕوو. بەر لە هەموو شتێك لە دیاریکردنی ڕۆژی دەستپێکردنی کۆنگرەکە هەڵە کراوە، چونکە لە بەڵگەنامەکە، کە لە ڕۆژی 21ی تشرینی دووەمی 1966دا دەرچووە هاتووە بەر لە چوار ڕۆژ کۆنگرەکە دەستپێکردووە، کە دەکاتە 17ی تشرینی دووەم، ئەمە لەکاتێکدا کۆنگرەکە لە 15ی مانگ دەستی بەکارەکانی خۆی کردووە، وەك لەپێشتردا ئاماژەی پێکرا. هەروەها کۆنگرەکە تەنیا بۆ ئەوە نەبووە تا لێکۆڵینەوە لەبارەی بەیاننامەکەی 29ی حوزەیرانی 1966 بکرێت، وەك لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، بەڵکو ئەمە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی بووە و جگە لەمە چەندین تەوەر و باسی سیاسی و ڕێکخستن و سەربازی دیکەی لەخۆگرتووە.

لە نووسراوێکی دیکەی نهێنی موتەسەڕیفییەتی هەولێر بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە 24ی تشرینی دووەمی 1966 دا چەندین زانیاری لەبارەی کۆنگرەکەوە

هاتووه، لەوانەش کۆنگرەی گەلاڵەی پارتی لە باڵەخانەی (قوتابخانەی گەلاڵە) بەستراوە و چەندین ڕەشماڵ هەڵدراوە بۆ پێشوازیکردن لە بانگهێشتکراوان. لەبارەی ئەنجامەکانیشی لە بەڵگەنامەکەدا بە چەند خاڵێك گرنگترین ئەنجامەکانی خراوەتەڕوو، کە ئەمانەن:

1- پاکسازی لەنێو ڕیزەکانی پارتیدا کراوە.

2- کۆنگرەکە تاوتوێی مەسەلەی ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتدا کردووە و داوایان لە مەلا مستەفا بارزانی کردووە، کە پێویستە بە خێرایی چەکەکانی حکومەت کۆبکەنەوە بەمەبەستی ڕادەستکردنەوەی بە حکومەت.

3- سەرجەم ئامادەبووانی کۆنگرەکە دڵخۆش بوون بە بارودۆخەکە و پروپاگەندەیەکی بەهێزیش لەنێو کوردەکاندا بڵاوبووەتەوە، کە کۆنگرەکە کۆڵەگە و بنەمای ئاشتی تا هەتایە لە عێراق دادەنێت.

4- ئەوانەی لە کۆنگرەکەدا ئامادەبوون بریتی بوون لە: شاندێکی خاچی سووری نێودەوڵەتی و پەیمانی سەنتۆ و شاندێکی عەشیرەتەکانی بلباس و مەنگوڕ و مامشی کوردی ئێرانی، هەروەها شاندێکی کوردەکانی سوریا، کە پێکهاتبوون لە سێ کەس بە سەرۆکایەتی (حەسەن بەگ) و هەندێك ڕۆژنامەنووسی بێگانە.

5- زانراوە کە ناکۆکییەکی توند لەنێوان مەلا مستەفا و شیوعییەکاندا سەریهەڵداوە.

6- دەنگۆی ئەوە هەیە، کە دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەکە مەلا مستەفا شاندێك بۆ بەغدا بنێرێت بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی نەتەوەیی، کە لە کۆشکی کۆماری دەبەسترێت.

7- هەندێك لە بەرپرسانی ئێرانی بە جلی کوردی گەیشتوونەتە حاجی ئۆمەران، پێدەچێ لە هەواڵگری ئێرانی بن بۆ چاودێریکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەکە.

8- دوای ئەوەی لە ئێوارەی 20ی تشرینی دووەمی 1966 کارەکانی کۆنگرەکە بە کۆتا هات، چەکدارە ئامادەبووانی کۆنگرەکە گەڕانەوە نێو بارەگاکانی خۆیان. عەقید (عەبدولڕەحمان قازی) ڕایگەیاندووە، کە کۆنگرەکە گیانی دیموکراسی تێدا بووە[xxv].

سەبارەت بە زانیارییەکانی نێو بەڵگەنامەکە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا شیکردنەوەیان بۆ بکەین و ڕادەی وردی و دروستییان ڕوونبکەینەوە:

1- لەبارەی خاڵی یەکەمی ئامانجەکانی کۆنگرەکە ئاماژە بەوە کراوە، کە پاکسازی لەنێو ڕیزەکانی پارتیدا کراوە. ئەوەی ڕاستی بێت لەم کۆنگرەیەدا کەس لەنێو ڕیزەکانی پارتی وەدەرنەنراوە، بەڵکو هەندێك لەو سەرکردانەی، کە لە کۆنگرەی شەشەمدا لەنێو پارتی دەرکرابوون، جارێکی دیکە گەڕێندرانەوە نێو سەرکردایەتی حزبەکە، کە ئەوانیش بریتی بوون لە (عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس)[xxvi].

2- لە هیچ یەکێك لەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، ئاماژە بەوە نەکراوە، کە ئەندامانی کۆنگرە داوایان لە بارزانی کردبێت چەك ڕادەستی حکومەت بکەنەوە، لەکاتی بەستنی [xxvii]وەك لە ئامانجەکانی کۆنگرەکە باسی لێوەکراوە.

کۆنگرەکەدا نزیکەی پێنج مانگ و نیو بەسەر بەیاننامەی 29ی حوزەیران تێپەڕیبوو، تا ئەو کاتەش حکومەت هەنگاوێکی جددی نەنابوو بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە تا ئەندامانی کۆنگرە داوای ڕادەستکردنەوەی چەك بە حکومەت بکەن. بەتایبەتی دوای دەستلەکارکێشانەوەی ئەندازیاری ڕێککەوتنەکە عەبدولڕەحمان بەزاز (1973-1913) لە 8ی ئابی 1966 لە پۆستی سەرۆك وەزیران لەژێر فشاری ئەفسەرە باڵاکان هیچ ئومێدێك بە جێبەجێکردنی بەیاننامەکە نەما. لەلایەکی دیکە وەك مەسعود بارزانی ئاماژەی پێکردووە، هەر لە بنەڕەتەوە مستەفا بارزانی پێی وابووە بەیاننامەی 29حوزەیران بەیاننامەیەکی لاوازە و لەڕاستیدا شەڕ وەستاندنە، نەك ڕێککەوتن، بۆیە بەهیچ شێوەیەك سەرکردایەتی شۆڕش نەگەیشتبووە ئەو بڕوایەی، کە حکومەت ڕاستگۆیە لە بەڵێنەکانی تا چەك ڕادەستی حکومەت بکەنەوە.[xxviii]
هەر لە بەڵگەنامەکەدا گرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرەکە لەم خاڵانەدا پوختکراوەتەوە:

أ- پابەندبوون بە بەیاننامەی 29ی حوزەیران.

ب- جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو خاڵانەی، کە لە بەیاننامەکەدا هاتوون وەك خۆی.

ج- هۆشیاربوون و وریایی دان لەو کەسانەی، کە هەوڵ دەدەن ناکۆکی بخەنە نێو ڕیزەکان و ئاسایش و سەقامگیری تێکبدەن.

لەبارەی ئەو دروشمانەی، کە لە کۆنگرەکەدا بەرزکراونەتەوە، لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: لافیتەکان بە زمانی عەرەبی نووسرابوون و لەسەر پردی (ڕێزانۆك) لە گەلاڵە هەڵواسرابوون، کە ئەمانەی تێدا بوو:

1- داوا دەکەین بارودۆخی لەناکاو کۆتایی پێ بهێنرێت و ژیانی دیموکراسی بەرپابێت.

2- بژی برایەتی عەرەب و کورد.

3- بژی سەرکردەی پێشمەرگە بارزانی.

4- سەربەرزی و نەمری بۆ شەهیدەکانمان.[xxix]
دوای چوار ڕۆژ لەو نووسراوە، لە 28ی تشرینی دووەمی 1966 لە نووسراوێکی دیکەی موتەسەڕیفییەتی هەولێر بۆ وەزارەتی ناوخۆ چەند زانیارییەکی دیکە لەبارەی کۆنگرەکە و مستەفا بارزانی خراوەتەڕوو، کە لەم خاڵانەدا کۆکراوەتەوە:

1- بەهۆی نەخۆشییەکەی مستەفا بارزانی بەشداری کۆنگرەکەی نەکردووە.

2- نوێنەرانی ناوچەی خۆشناو لە کۆنگرەکەدا بریتی بوون لە (مەلا غەریب و ئیبراهیم کاکۆ و موقەدەم عەزیز عەقراوی).

3- ژمارەیەکی زۆر لە بارزانییەکان لە گەلاڵەوە گەڕاونەتەوە بۆ مێرگەسۆر و بارزان، کۆنگرەکە لە 23ی تشرینی دووەمی 1966 کۆتایی پێهاتووە. گرنگترین ئەو خاڵانەی، کە تێیدا تاوتوێکران بریتی بوون لەمانە:

أ- کۆکردنەوەی ئەو چەکانەی پۆلیس و سوپا، کە پێشمەرگە دەستی بەسەردا گرتووە، بەمەبەستی ڕادەستکردنەوەی بە حکومەت.

ب- تاوتوێکردنی ئەو بڕیارانەی، کە لە ئەنجامی دانوستانی نێوان سەرۆك کۆمار و بارزانی لێی کەوتووەتەوە.

ج- پێکهێنانی هێزێکی پێشمەرگە، کە لەژێر سەرپەرشتی سوپای حکومەتدا بێت.

د- پێکهێنانی شاندێکی کوردی، کە دەچێتە بەغدا بۆ بەشداریکردن لەو کۆنگرەیەی، کە سەرۆك کۆمار گرێی دەدات.

ه- دانیشتنی کۆتایی کۆنگرەکە نهێنی بووە[xxx].
ئەوەی جێگەی تێبینییە لە بەڵگەنامەکەدا، ئاماژە بە ئامادەنەبوونی مستەفا بارزانی لە کۆنگرەکە کراوە، وەك لە خاڵی یەکەمدا هاتووە. بەڵام وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، بارزانی خۆی لە کۆنگرەکە ئامادە بووە و هەر لەوێش وەك سەرۆکی پارتی هەڵبژێردراوەتەوە. وێڕای هەندێك زانیاری هەڵە، کە لە بەڵگەنامەکاندا هاتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی زانیاری مێژووییەوە بایەخی زۆریان بۆ کۆنگرەی حەفتەم هەیە، بەتایبەتی کە لە سەرچاوەکاندا وردەکاری ئەم کۆنگرەیە نەخراوەتەڕوو، ئەمەش بەهۆی دەستنەکەوتنی ئەو ڕاپۆرتە سیاسی و ڕێکخستنانەی، کە پێشکەشی کۆنگرەکە کراون، لە ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان[xxxi].
تەوەری سێیەم/ هەڵوێستی مستەفا بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتننامەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا
لەماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا چەندین هەوڵی ئاشتی و دانووستان لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عێراق دران، کە مستەفا بارزانی بە گەرمییەوە پێشوازی و دەستپێشخەری بۆ ئەو هەوڵانە کردووە. دوای سەرگرتنی هەوڵەکان و گەیشتنە ڕێککەوتنیش، بارزانی پابەند بووە پێیەوە، بەڵام لایەنی بەرامبەر، لە زۆربەی کاتدا پابەند نەبووە بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکان و پاشگەز بووەتەوە. بۆیە بارزانی نیگەرانی خۆی لەمە دەربڕیوە و هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای خۆی لەوبارەیەوە بە حکومەت گەیاندووە. بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەت چەندین ئاماژەیان تێدایە بۆ پابەندبوونی بارزانی بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتن و دانوستانەکان و لە بەرامبەریشدا ناڕەزایی و گلەیی بارزانی لە حکومەت بەهۆی پابەندنەبوون و جێبەجێکرنەکردنی خاڵەکانیان. بۆیە لەم تەوەرەدا لەژێر ڕۆشنایی زانیاری بەڵگەنامە نهێنی و فەرمییەکانی حکومەت باس لە هەڵوێستی بارزانی لە ڕێککەوتنی 10ی شوباتی 1964 و بەیاننامەی 29ی حوزەیرانی 1966و ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 دەکەین.
1- هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتنی 10ی شوباتی 1964
لە 10ی شوباتی 1964 دا ڕێککەوتنێك لەنێوان مستەفا بارزانی ڕێبەری شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عێراق لە سەردەمی (عەبدولسەلام عارف) دا مۆرکرا، ڕێککەوتنەکە لە چەندین خاڵ پێکهاتبوو، لەوانەش: چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا، ئازادکردنی گیراوەکان، گێڕانەوەی کرێکار و فەرمانبەران بۆ سەر کارەکانیان، ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان، قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان[xxxii]. لە بەڵگەنامەکانی حکومەتدا ئاماژە بە ڕێککەوتنەکە و ڕێکارەکانی بارزانی بۆ پابەندبوون پێی کراوە، وەك لە خوارەوەدا دەیخەینەڕوو.

بەگوێرەی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی لیوای هەولێر لە 6ی ئەیلوولی 1964 بۆ موتەسەڕیفییەتی لیوای هەولێر بارزانی لە 30ی ئابی 1964 دا بروسکەی بۆ سەرجەم فەرماندەی پێشمەرگەکان کردووە و داوای لێکردوون هیچ کارێك دژ بە حکومەت نەکەن، کە ببێتە مایەی کاردانەوەی حکومەت و زیانگەیاندن بە ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا. هەروەها نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ بارەگاکانی پێشمەرگە ناردووە تا لە مەسەلەکە ئاگاداریان بکاتەوە. لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە بارزانی جەختی لەوە کردووەتەوە ئەوان دەیانەوێت بەشێوەیەکی ئاشتییانە مافە ڕەواکانی کورد بەدەستبهێنن [xxxiii]. ئەمەش پێلێنانێکی ڕوون و ئاشکرای حکومەتە لەسەر ئاشتیخوازی بارزانی و باوەڕبوون بە یەکلاکردنەوەی کێشە و گرفتەکان لەڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە.

حەوت مانگ دوای ڕێککەوتنەکە لە ڕاپۆرتێکی نهێنی عەبدولمونعیم مەسرەف (1964-1968)ی موتەسەڕیفی هەولێر بۆ فیرقەی دووی سوپای عێراق لە 9ی ئەیلوولی 1964دا چەندین زانیاری لەبارەی چالاکییەکانی بارزانی خراوەتەڕوو، کە بریتین لەمانە:

1- بەگوێرەی زانیارییەکان کۆبوونەوەیەك لە ناوچەی قەڵادزێ بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا دەبەسترێت، کە چەندین ئەندامی پارتی تێدا بەشداری دەکەن. هەریەك لە عەقید (کافی نەبەوی) و (مینە عەلی ئاغای ڕایات) و (مستەفا شێخ عوبەیدوڵڵای زینۆ) و (ئیبراهیم شێخ محەمەد ئاغای ولاش) و (قادار ئاغای ڕوست) و (حەسەن محەمەد ئەمین ئاغای ناوپردان) و (قادر ئاغا مامشی ئێرانی) ڕوویان کردووتەوە ئەوێ بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکە.

2- لە شوێنە دیارەکانی نێو گوندی گەڵاڵە نووسراوێك بە واژووی هەریەك لە (حەسۆ میرخان، ملازم ڕەشید، ئەسعەد خۆشەوی، عەزیز عەقراوی، ملازم تاهیر عەلی والی، ئەحمەد ئاغا مێرگەسۆری) لەسەر دیوارەکان هەڵواسراوە و تیایدا پشتگیری خۆیان بۆ مەلا مستەفا دووپاتکردووەتەوە و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ شەڕکردن لەدژی حکومەت.

3- بارزانی قەدەغەیکردووە سەرباز و پۆلیسەکان بگەڕێنەوە بۆ خزمەتی سەربازی، ئەمەش دوای ئەوەی، کە حاکمی گشتی سەربازی ناوچەی باکوور لێبووردنی گشتی بۆ هەموو ئەو پۆلیس و سەربازانەی حکومەت دەرکردووە ، کە لە خزمەتی سەربازی ڕایانکردووە[xxxiv].

ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە ئەوە دەردەخات، کە دوای تێپەڕبوونی حەوت مانگ بەسەر ڕێککەوتنی 10ی شوباتی 1964 مستەفا بارزانی نائومێد بووە لە پابەندبوونی حکومەت بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە، چونکە هیچ یەکێك لە بەندەکانی نێوی جێبەجێ نەکراوە، بۆیە دەستیکردووە بە ئامادەسازی و خۆسازدانەوە بەمەبەستی بەرپەچدانەوەی هەر ئەگەرێکی شەڕ، کە حکومەت دەستپێشخەری بکات. هەروەك لە بەڵگەنامەکەدا دەردەکەوێت، کەسایەتییە سیاسی و سەربازی و عەشایەرییەکانی نێو سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بەئاشکرایی ئامادەیی خۆیان بۆ بەرگریکردن دەربڕیوە و پشتگیریشیان وەك ڕێبەری شۆڕش بۆ بارزانی ڕاگەیاندووە.

2- هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر بەیاننامەی 29ی حوزەیرانی 1966

دوای شکستی هێزەکانی عێراق لە شەڕی (هەندرێن) لە 12ی ئایاری 1966، سەرۆك وەزیرانی عێراق (عەبدولڕەحمان بەزاز) ئارەزووی ئاشتی ڕاگەیاند، لایەنی کوردیش ئامادەییان دەربڕی و دوای چەندین کۆبوونەوەی نێوان هەردوولا لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن، کە لە 29ی حوزەیرانی 1966 لە بەیاننامەیەکی حکومەتدا بڵاوکرایەوە. لە بەشێکی ماددەکانی ڕێککەوتنەکەدا ئاماژە بە مافەکانی نەتەوەی کورد و دانیان بەوەی، کە عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد پێکهاتووە و زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی دەبێتە زمانی فەرمی لە عێراقدا، هەروەها کورد چەندین پۆستی کارگێڕی و دادوەری و سەربازی پێ دەدرێت. ئەمە جگە لە تەرخانکردنی پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان و گەڕاندنەوەی هەموو ئەو کەسانەی، کە لە ناوچەکانی خۆیان ئاوارە بووبوون، یا کۆچیان پێکرابوو، لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی زیانە ئابوورییەکانیان. بەڵام ئەم ڕێککەوتنە لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ نەکرا، هەرچەندە لەماوەی دوو ساڵی دوای ڕێککەوتنەکە شەڕی نێوان حکومەت و پێشمەرگە ڕوووینەدا، بەڵام حکومەت شەڕ و پێکدادانەکانی خۆی لەڕێگەی جاش و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی خۆیەوە ئەنجامدا[xxxv].

لە نووسراوێکی نهێنی (عەبدولمونعیم مەسرەف)ی موتەسەڕیفی لیوای هەولێر لە 17ی حوزەیرانی 1968 دا بۆ وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بەوە کراوە، دوای زیادبوونی نیگەرانی و ناڕەزایی سەرکردەکانی پێشمەرگە لە بەرامبەر خەمساردی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی 29ی حوزەیران و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان. مستەفا بارزانی بانگهێشتی بەشێك لەو سەرکردانەی بۆ گەڵاڵە کردووە بەمەبەستی ڕاوێژ و گۆڕینەوەی بیروڕا لەبارەی هەنگاوەکانی داهاتوو. بەگوێرەی بەڵگەنامەکە لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی ئەم خاڵانە کراوە:

1- وشیاربوون و بێداربوون و ئامادەسازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر بارودۆخێکی لەناکاو. هەروەها بەهێزکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە تا هەڵوێستی سیاسی و سەربازی حکومەت ڕوونتر دەبێتەوە.

2- فشارخستنە سەر حکومەت بۆ پاکتاوکردنی جاشەکان و تاخمی جەلال تاڵەبانی.

3- هاندانی جاشەکان بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە بکەن. هەر لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، بارزانی نوێنەرەکانی خۆی ڕاسپاردووە تا پەیوەندی بە بەرپرسانی بەغداوە بکەن بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی کۆتایی حکومەت لە هەمبەر مەسەلەکە[xxxvi].

لە نووسراوێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی لیوای هەولێر لە 2ی تەمموزی 1968 دا، واتە (15) ڕۆژ بەر لە کودەتای دووەمی بەعسییەکان، کە لە 17ی تەمموزی 1968 لەدژی عەبدولڕەحمان عارف (1966-1968)ی سەرۆك کۆماری عێراق ئەنجامدرا، ئاماژە بە بارودۆخی سیاسی و نیگەرانی خەڵك لەدوای دوو ساڵ لە ڕێککەوتنی 29ی حوزەیرانی 1966 دا کراوە، وەك لە نووسراوەکەدا هاتووە، "بەم دواییانە هەستێکی پڕ لە نیگەرانی هاوڵاتیانی داگرتووە، ئەمەش ی حوزەیران، کە ئەم یادە 29بەهۆی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر بەیاننامەی چەند کاردانەوەیەکی لێکەوتەوە، وەك مانگرتنی گشتی لە ڕۆژی 29ی حوزەیرانی

1968 دا و دەستپێکردنەوەی پەخشی ئێزگەی کوردە چەکدارەکان لەو ڕۆژەدا، کە کاتی پەخشکردنی نەبوو. هەروەها بڵاوکردنەوەی وتارێکی مەلا مستەفا بارزانی، کە لە بروسکەکەمان 747 لە 30/6/ 1968 دا ئاماژەمان پێکرد، کە ئەم وتارە هەندێك گوزارشتی تێدایە، بەڕوونی ئاماژە بە چەند ئەگەرێك دەکات، کە جگە لە دوژمنانی نیشتمان خزمەتی هیچ کەسێك ناکات و باجەکەشی جگە لە هاوڵاتیان بە سەرجەم نەتەوەکانیەوە، هیچ کەسێکی دیکە لە ئەستۆی ناگرێت"[xxxvii].
بەڵگەنامەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە نیگەرانی خەڵکی کوردستان و مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول دەکات لە هەمبەر پابەند نەبوونی حکومەت بە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی 29ی حوزەیرانی 1966، وێڕای ئەوەی، کە دوو ساڵ بەسەر ڕێککەوتنەکەدا تێپەڕیوە.
نیگەرانییەکەش گەیشتووەتە ئاستێك، کە لەلایەك جەماوەر بخرۆشێت و مانگرتن ئەنجام بدات، لەلایەکی دیکە وەك فشار خستنە سەر حکومەت هەڵوێست و گوتاری سیاسی بارزانی لەگەڵ حکومەت توندتر بێت بەشێوەیەك لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە بگونجێت.

3- هەڵوێستی بارزانی لە هەمبەر ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970
ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 یەکێك بوو لە دەستکەوتە سیاسییە گرنگەکانی کورد لەماوەی مێژووی هاوچەرخدا. ڕێککەوتنەکە ئاماژەی گرنگی سەبارەت بە کورد تێدابوو، بەتایبەتی کە لە بەندی (12) دا هاتووە: "گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردن، هەروەها زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی دەبێتە زمانی فەرمی لە ناوچە کوردییەکاندا". لە بەندی (2)شدا ئاماژە بەوە کراوە، کورد بەشداری لە حوکمەتدا دەکەن و پۆستە گرنگ و هەستیارەکانی وەزارەت و سەرکردایەتی سوپایان پێ دەدرێت. لە بەندی (8)یشدا هاتووە: "دانیشتوانی گوندە عەرەبی و کوردییەکان دەگەڕێنەوە شوێنی پێشووی خۆیان. بۆیە ڕێککەوتنی 11ی ئادار کاریگەری گەورەی لەسەر بواری سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری وکۆمەڵایەتی کوردستان هەبوو. لەڕووی سیاسییەوە داننان بوو بە پرسی کورد و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و قۆناغی ئاشتی و سەقامگیری و تەبایی ناوخۆیی بوو لە کوردستان. لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە بووە هۆی دەرچوونی دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و وەك سەردەمێکی زێڕینی ڕۆشنبیری کوردی دادەنرێت. لەڕووی ئابووریشەوە پێشکەوتنی بەرچاو هاتەئاراوە و دەیان پڕۆژە و کارگە لە ناوچەکانی کوردستان دروستکران و ڕێگاوبانی نوێ و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی بنیاتنران[xxxviii].
لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقدا بایەخێکی زۆر بە ڕێککەوتنی 11ی ئادار و ڕۆڵی مستەفا بارزانی کراوە، بەتایبەتی لەوەدا، کە بارزانی هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە داوە تا ڕێککەوتنەکە سەربگرێت و شکست نەهێنێت. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چەند بەڵگەنامەیەك دەخەینەڕوو: لە بروسکەیەکی زۆر بەپەلە و نهێنی خالید عەبدولحەلیم (24/1/ 3-1970/9/ 1970)ی پارێزگاری هەولێر بۆ سەرۆك کۆماری عێراق لە 11ی ئاداری 1970 دا هاتووە: "مەلا مستەفا بارزانی بروسکەی بۆ سەرجەم هێزەکانی کردووە، کە بۆ شوێنەکانی خۆیان بکشێنەوە و لە ڕێگا گشتییەکان و سەنتەری شارەکان دووربکەونەوە و ئاسایش و

سەقامگیری بپارێزن. هۆشیاری داوە بە سزادانی هەر کەسێك، کە سەرپێچی ئەم بڕیارە بکات. هەروەها بروسکەیەکی دیکەی بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی کردووە تا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکەی ئەمڕۆ، بروسکەی پشتگیری بۆ بەڕێزتان و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بکەن. پێشنیار دەکەین بفەرموون بە دەرکردنی بڕیارێك بۆ ئەوەی ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکە ببێتە پشوویەکی فەرمی بەردەوام لە عێراق، بە هەر ناوێك، کە خۆتان هەڵی دەبژێرن"[xxxix].

لە بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی ئەمنی هەولێر لە 31ی ئاداری 1970 دا ئاماژە بە لێبوردنی بارزانی بۆ جاش و لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی کراوە. لە بروسکەکەدا هاتووە: "بەم دواییانە تێبینی ئەوە کراوە، کە جەلالی و جاشەکان لە چوارچێوەی یەکێتی خاك و نیشتماندا تواونەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی بەڕێز بارزانی لاپەڕەیەکی نوێی بەڕوویاندا کردەوە و لاپەڕەکانی ڕابردووی پێچایەوە و دەیەوێت تەنیا یاسا سەروەر بێت لە وڵاتدا"[xl].

بەڵگەنامەکانی حکومەت ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە لەگەڵ نزیکبوونەوەی حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار، بارزانی وەك نیشاندانی نیازباشی خۆی و پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکە دەستیکردووە بە هەنگاوەکانی بۆ لاوازکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران، کە ئەو کاتە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران لە ئاستێکی خراپدا بووە. لەم چوارچێوەیەشدا لە بروسکەیەکی نهێنی ئەمنی هەولێر لە 1/28/ 1970 دا هاتووە: "مەلا مستەفا بارزانی فەرمانێکی بۆ شوێنکەوتووانی دەرکردووە، کە بەو پێیە بەبێ ڕێگەپێدانی ئەو نابێ سەردانی ئێران بکەن"[xli]. لە برووسەکەیەکی دیکەی ئەمنی هەولێر لە 1/31/ 1970 دا ئاماژە بەوەکراوە، کە ئەو ئێرانییانەی لە گەڵاڵە بوون، لەلایەن بارزانییەوە ئاگادارکراونەتەوە ئەوێ جێبهێڵن و بچنەوە ئێران و سەرجەم فرۆشگەکانیشیان داخراوە[xlii].

لە نووسراوێکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە 2/1/ 1970 دا هاتووە: "سەرچاوە هەواڵگرییەکانمان، کە لەنزیك سنووری عێراق- ئێران کاردەکەن، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، کە حکومەتی ئێران پێشنیاری ئەوەی بۆ مەلا مستەفا بارزانی خستووەتەڕوو، کە 50 ملیۆن دیناری پێ بدات وەك گوژمەی یەکەم و سێ ملیۆن دیناریشی ساڵانە پێ بدات، لە بەرامبەردا لەگەڵ حکومەتی نیشتمانی ڕێکنەکەوێت و شەڕ ڕانەگرێت، بەڵام بارزانی ئەو داوایەی ڕەتکردووەتەوە و قەدەغەی کردووە کوردە عێراقییەکان گەشت بۆ ئێران بکەن. فرۆشگەی ئەو هاوڵاتییە ئێرانییانەشی داخستووە، کە لە ناوچەکە بوون و داوای لێکردوون ناوچەکە چۆڵبکەن و بچنەوە ئێران"[xliii]. هەر لە هەمان ڕۆژدا بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر لە بروسکەیەکی نهێنیدا بۆ پارێزگای هەولێر ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئێران هێزێکی زۆری سەربازی لە ناوچەی خانە کۆکردووەتەوە، ئەمەش لەدوای پیلانە کۆنەپەرستییە شکستخواردووەکەوە دێت. زانراویشە مەلا مستەفا هۆشیاری بەو هێزانە داوە و ڕێگری لێکردوون، کە لە سنووری عێراق نزیك ببنەوە[xliv].

ئەگەر لە بەڵگەنامەکان وردبینەوە، هەموویان دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بەتەنگ سەرگرتنی ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 بوونە و هەنگاوە سیاسییەکانیشیان بەو ئاراستەیە بووە. بۆ ئەو مەبەستەش لەلایەك لەسەر ئاستی ناوخۆ ڕێکارەکانیان

گرتووەتەبەر و هێزەکانی پێشمەرگەیان کۆنترۆڵ کردووە، بەشێوەیەك هیچ کارێك نەکەن، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕێککەوتنەکە دروست بکات. لەلایەکی دیکە لەسەر ئاستی دەرەوەش هەنگاوی کردارییان ناوە و پەیوەندییە سیاسییەکانیان لەگەڵ ئێران لاواز کردووە، کە یەکێك بوو لەو وڵاتانەی هەر لە سەرەتاوە لەدژی ڕێککەوتنەکە بووە و هەموو هەوڵەکانیشی بە ئاراستەی تێکدانی بووە.

ئەنجامەکان

- مەلا مستەفا بارزانی وەك سەرکردە و خەباتگێڕێکی کورد لە چەندین بەڵگەنامەی فەرمی و نهێنی حکومەتی عێراقدا ناوی هاتووە، بەتایبەتی لەماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا، کە ڕێبەرایەتی شۆڕشەکەی کردووە. هەندێك لەو زانیارییانەی نێو بەڵگەنامەکان، کە لەلایەن دەزگا ئەمنی و سەربازی و یەکە کارگێڕییەکانەوە نووسراون، ورد و دروست نین و هەڵەی زەقیان تێدایە.
- لە بەڵگەنامەکاندا لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتەوە بە وردی چاودێری و بەدواداچوون بۆ جووڵە و چالاکییەکانی مستەفا بارزانی کراوە. ئاماژە بە شوێنی مانەوە و بارەگای تایبەتی و گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە و ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی، کە لەگەڵیدا بووە کراوە. ئەو چاودێرییە لەکاتی ئاشتی و شەڕدا بەردەوام بووە.
- پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵەی (عەزیز ئەلحاج)ی جیابووەوەی حزبی شیوعی و بارزانی لە ساڵی 1968 لە بەڵگەنامەکاندا بە بایەخەوە باسی لێوەکراوە، کە کۆمەڵەی نێوبراو لە گفتوگۆکانی لەگەڵ بارزانی هەوڵیداوە خەباتی سیاسی باشووری عێراق بە کوردستان ببەستێتەوە و بەیەکەوە کاربکەن بۆ ڕووخانی حکومەت. هەروەها ئەو کۆمەڵەیەش کاریگەری لەسەر زیاتر تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەت هەبووە.
- زانیاری نێو بەڵگەنامەکان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کە مستەفا بارزانی ڕاستەوخۆ خۆی سەرپەرشتی و سەرکردایەتی بەرەکانی شەڕی کردووە و ئەمەش بە بایەخەوە لەلایەن دەزگا حکومییەکان باسی لێوەکراوە. بەتایبەتی شەڕەکانی ساڵی 1962 و شەڕی (هەندرێن)ی ساڵی 1966.
- ژمارەیەك بەڵگەنامەی حکومی بە گرنگییەوە باسیان لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، کە لەماوەی نێوان 15-20ی تشرینی دووەمی 1966 بە ئامادەبوونی بارزانی لە گەڵاڵە بەستراوە. هەرچەندە بەڵگەنامەکان هەندێك زانیاری هەڵەیان تێدایە، بەتایبەتی لەبارەی ڕێککەوتی کۆنگرەکە و ئامادەنەبوونی بارزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وردەکارییان لەبارەی ئامانج و ئەنجام و بەشداربووانی کۆنگرەکە تێدایە.
- لە بەڵگەنامەکاندا بەڕوونی ئەوە بەدەردەکەوێت، کە مستەفا بارزانی پابەند بووە بەو ئاگربەست و ڕێککەوتنانەی، کە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا مۆری کردووە، وەك ڕێککەوتنی 10ی شوباتی 1964 و ڕێککەوتنی 29ی حوزەیرانی 1966 و ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970. تەنانەت ئەو هەوڵانەشی فەرامۆشکردووە، کە ویستویانە لە بەرامبەر پێدانی پارە لە ڕێککەوتنەکان پاشگەز بێتەوە، وەك ئەوەی ئێران لە بەرامبەر پاشگەزبوونەوەی بارزانی لە ڕێککەوتنی 11ی ئاداردا بەڵێنی پێداوە. هەروەها نیگەرانی خۆشی لە پابەندنەبوونی حکومەت بە ڕێککەوتنەکان دەربڕیوە.

پەراوێزەکان:

[1] کتاب قائمقامية قضاء راوندز الى متصرفية لواء اربيل, 4/18 /1948, سري, الموضوع: اخبار الحدود, العدد/88/2.

2 كتاب مديرية شرطة لواء اربيل الى متصرف لواء اربيل, 2/18 /1961, سري, الموضوع: الملا مصطفى البارزانى, العدد/ 318، پروانە پاشكۆی ژمارە -1-.

3 لاسلكية من امن اربيل الى شرطة المصيف وشقلاوة وراوندز وبارزان, 2/16/ 1961, رقم المنشيء/ 706.

4معاون امن اربيل، 5/29 /1962، برقية سرية وفورية الى متصرف لواء اربيل.

5 لاسلكية من شرطة اربيل الى متصرف اربيل, 5/31 /1962, العدد/ 1905.

6 كتاب وزارة الخارجية العراقية, 7/21 /1962، سرى للغاية ومستعجل، الموضوع: افساح السلطات الايرانية المجال للمتمردين بالدخول الى الاراضي الايرانية, العدد/ 4/530.

برقية قائمقمام رواندز الى متصرف اربيل, 11/17 /1962, الرقم/ 75098.

8 كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية, 2/20 /1966, سري للغاية, الموضوع: معلومات, العدد/ 329.

9 كتاب مديرية امن اربيل الى متصرف اربيل, 6/7 /1967, سري و شخصي, الموضوع: تحري معلومات, العدد/ 572.

10 صلاح الخرسان، صفحات من تاريخ العراق السياسي الحديث (الحركات الماركسية 1920-1990), مؤسسة العارف للمطبوعات, بيروت،2001, ص124-131.

11 بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری 1922-2001 رۆڵی سیاسیی و رووناکبیریی، هەولێر،2012, ل156-157.

12 كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية-مديرية المخابرات السرية والسياسية/3, 6/26 /1968, سري للغاية وشخصي, الموضوع: معلومات, العدد/ ق.س/ 18 /853، پروانە پاشكۆی ژمارە -5-.

13 كتاب مديرية امن لواء اربيل الى متصرفية لواء اربيل, 7/7 /1968, سري للغاية وشخصي, الموضوع: اجتماع, العدد/ 791.

14 كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية-مديرية المخابرات السرية والسياسية/3, 7/9 /1968, سري للغاية وشخصي, الموضوع: معلومات, العدد/ق.س/ 910.

15 برقية متصرف اربيل الى وزارة الداخلية/ الفيلق الثاني, 12/4 /1962, الموضوع: الموقف حتى الساعة 2200 ليوم 12/4, العدد/ 4035.

16 برقية معاون امن اربيل الى متصرف اربيل, 4/ 1962/12، پروانە پاشكۆی ژمارە -2-.

17 مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم 1961-1975، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004، ل96.

18 كتاب الامن العامة, مديرية امن منطقة كركوك الى قيادة الفرقة الثانية, 12/20/ 1962, سري للغاية ومستعجل, الموضوع: شقلاوة, الرقم/ 8464.

19 كتاب مركز استخبارات اربيل الى منظومة استخبارات المنطقة الشمالية, 5/17/ 1968, سري وشخصي وعلى الفور, الموضوع: التقرير الاسبوعي للفترة من 5/10 لغاية 17/ منه, العدد/ 3/ 127.

20 مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل216-221؛ شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لەنێوان سالانی 1963-1970 لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییە لە بارودۆخی سیاسیی، چاپخانەی زانكۆی سەڵاحەدین، هەولێر، 2016، ل212-214.

21 حبيب محمد كريم، صفحات من نضال الشعب الكردى/ تاريخ مؤتمرات الحزب, اربيل،1991، ص24؛ شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل227.

22 حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستانى-العراق في محطات رئيسية 1946-1993، مطبعة خەبات، دهوك، 1998، ص109-110.

23 عصمت شريف وانلى، كردستان العراقية هوية وطنية (دراسة في ثورة 1961), ترجمة: د. سعاد محمد خضر, مطبعة شڤان, السليمانية، 2012؛ ص371؛ صلاح الخرسان، المصدر السابق, ص148.

24 كتاب مديرية امن لواء اربيل, القلم السري الى متصرفية لواء اربيل, 11/21/ 1966, سري للغاية, الموضوع: معلومات, العدد/ 733، پروانه پاشكۆی ژمارە -3-.

25 كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية/ المخابرات السرية والسياسية/3, 11/24/ 1966, سري للغاية, الموضوع: معلومات عن المؤتمر, الرقم/ ق. س. اللجنة.ع/ 2238.

26 صلاح الخرسان، المصدر السابق, ص148.

27 مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل228-233؛ صلاح الخرسان، المصدر السابق, ص141-149؛ رەفیق ڕەحمان مام خول، مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەكاندا 1958-1970، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2012, ل160-171.

28 مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل228.

29 كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية/ المخابرات السرية والسياسية/3, 11/24/ 1966, سري للغاية, الموضوع: معلومات عن المؤتمر, الرقم/ ق. س. اللجنة.ع/ 2238.

30 كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية/ المخابرات السرية والسياسية/3, 11/28/ 1966, سري للغاية, الموضوع: معلومات عن المؤتمر, الرقم/ ق. س. اللجنة.ع/ 2278، پروانه پاشكۆى ژماره -4-.

31 حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستانى...، ص564.

32 عبدالفتاح علي البوتاني و شيرزاد زكريا محمد، اتفاقية 10 شباط 1964 بين الحكومة العراقية وقيادة الثورة الكوردية (الأسباب والنتائج) دراسة تاريخية وثائقية، مطبعة جامعة دهوك، دهوك، 2013، ص9 وما بعدها.

33 كتاب مديرية شرطة لواء اربيل الى متصرفية لواء اربيل, 9/6/ 1964, سري, الموضوع: مواقف الشمال, العدد/ 29/ 3677.

34 كتاب متصرفية لواء اربيل الى قيادة الفرقة الثانية, 9/9/ 1964, سري للغاية, الموضوع: التقرير نصف الاسبوعي لغاية 9/7/ 1964, العدد/ 3.م. 2715.

35 مسعود بارزانى، سەرچاوەى پێشوو، ل388-390؛ شوان محەمەد ئەمين تەها خۆشناو، سەرچاوەى پێشوو، ل222، 253؛ شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق 8 شباط 1963-17 تموز 1968، مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2006، ص271-286.

36 كتاب متصرفية لواء اربيل الى وزارة الداخلية, 6/17/ 1968, سري للغاية وشخصي, الموضوع: اجتماع, الرقم/ ق.س/ 18/ 790.

37 كتاب مديرية امن لواء اربيل الى مديرية الامن العامة/ش3, 7/2/ 1968, سري وشخصي, الموضوع: الرأي العام, العدد/ 764.

38 فەرەيدون عەبدولڕەحيم عەبدوڵلا، بارودۆخى سياسيى كوردستان-عێراق 11ى مارتى 1970-11ى مارتى 1974، چاپخانەى مناره، هەولێر، 2008، ل59-67.

39 محافظة اربيل, قلم السر، 3/11/ 1970, برقية سرية وفورية للغاية من خالد عبدالحليم محافظ اربيل الى السيد رئيس الجمهورية المحترم, العدد/ ق.س/18/ 432.

40 مديرية امن اربيل, 3/30/ 1970، برقية سرية وفورية الى فق1 و فق2 و محافظة اربيل, رقم المنشيء/ 491.

41 الامن العامة, مديرية امن محافظة اربيل, 1/28/ 1970, برقية سرية من المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل والفيلق الاول, رقم المنشىء/ 178.

42 الامن العامة, مديرية امن محافظة اربيل, 1/31/ 1970, برقية سرية من المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل والفيلق الاول, رقم المنشىء/ 195.

43 الامن العامة, مديرية امن محافظة اربيل, 2/1/ 1970, كتاب مدير امن اربيل المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل, سري, الموضوع: معلومات, العدد/ 201.

44 الامن العامة, مديرية امن محافظة اربيل, 1/2/ 1970, برقية سرية من المقدم عبدالجبار الدليمي الى محافظة اربيل والفيلق الاول, رقم المنشىء/ 205.

**پاشکۆی بەڵگەنامەکان**

**(پاشکۆی ژمارە 1)**

چاودێریکردنی جووڵەی بارزانی لە 18/2/ 1961 دا لەلایەن پۆلیسی هەولێر



الجمهورية العراقية

مديرية شرطة لواء اربيل — العدد /

القلم السري — التاريخ ١٩٦١/٢/١٨

((سري))

متصرف لواء اربيل

الموضوع / الملا مصطفى البارزاني

برقيتكم س / ٣٣٥ في ١٩٦١/٢/١٦

في ليلة ١٥-١٩٦١/٢/١٦ وصل اربيل الملا مصطفى البارزاني وفي الساعة [illegible] قادماً [illegible] بالسيارة [illegible] ثم وصل شقلاوة في الساعة ١٠/١٢ من يوم ١٩٦١/٢/١٦ [illegible] وزار [illegible] ثم ذهب الى باطاس لمواجهة الشيخ [illegible] سيد طه وفي الساعة ٢/٣٠ زوالية توجه الى بارزان بعد ان مكث ليلة واحدة في [illegible] ووصل بارزان مساء يوم ١٧ [illegible] ١٩٦١/٢/ للتفضل بالعلم .

عبد القادر [illegible]


و/ مدير شرطة لواء اربيل

صورة منه الى :-

معاون امن اربيل / برقيتكم ٧٠٦ في ١٩٦١/٢/١٦

يوسف / ٢/١٨

**پاشکۆی ژمارە (2)**
**بەڵگەنامەیەکی ئەمنی هەولێر لەبارەی سەردانی بارزانی بۆ هەردوو گوندی هیران و نازەنین لە 12/4 /1962**



**(پاشکۆی ژماره 3)**

نووسراوی ئەمنی هەولێر لە 1966 /11/21 لەبارەی بارزانی و کۆنگرەی گەڵاڵە


بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية
العدد /
التاريخ ٢١/١١/٩٦٦
الامن العامة
مديرية امن لواء اربيل
( سري للغاية )

**(پاشکۆی ژماره 4)**
نووسراوی موتەسەڕیفییەتی هەولێر لە 11/28 /1966 دەربارەی بارزانی و کۆنگرەی گەڵاڵە



بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة الداخلية

[illegible]

**(پاشکۆی ژمارە (5**
پەیوەندی بارزانی و کۆمەڵەی عەزیز ئەلحاج

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

مديرية شرطة لواء اربيل

قلم السر — سري للغاية وشخصي

العدد: س/١٨/ [illegible]

التاريخ / ٦/ ١٩٦٨

الى / وزارة الداخلية — مديرية الاستخبارات العسكرية والسياسية/ ٣

الموضوع/ معلومات

اعلمتنا مديرية أمن لواء اربيل بكتابها سري للغاية وشخصي/ ٦٨٢ في ٢٣/ ٦/ ١٩٦٨ [illegible] من الشيوعيين (جماعة عزيز الحاج) عبر [illegible] من طريق ايران [illegible] البارزاني [illegible] (بوادر الثورة الشعبية [illegible]) [illegible] مديرية أمن اللواء [illegible]

[illegible]

عبد المنعم [illegible]
مدير شرطة لواء اربيل


نسخة منه الى/

قيادة [illegible]

قيادة الفرقة [illegible]

مديرية أمن لواء اربيل — [illegible]

حول الموضوع.




[مستەفا بارزانی لە چەند بەڵگەنامەیەکی نهێنی حکومەتی عێراقدا (1948-1970) – History Of Kurdistan]